ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو پشتیوانی خۆی لە مافی گەلی فەلەستین دووپات دەکردەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو پشتیوانی خۆی لە مافی گەلی فەلەستین بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و پیرۆزیکانی موسڵمانان بۆ تایبەتی مزگەوتی ئەقسای پیرۆز دەکات.

لەژی هەینی، بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەناوکرایەوە و هاتووە، "ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتی د. هادی عەلی سەرکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بە ئامادەبوونی مامۆستا سەلاحەدین مەحەممد بەهائەدین ئەمینداری گشتی و د. محەممەد ئەحمەد سەرکی دەستەی باڵای چاودێری کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا".

هاتووەش، لە کۆبوونەوەکەدا تیشك خرایە سەر باروخی هەرەمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بە گشتی بەتایبەتی باری خراپی بژێوی موچە خەران و فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان و جەختکرایەوە لەسەر گرنگی ئەو کۆشیە بۆ زوترین کات لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق، بەشێوەیەك موچەخەران و فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق لە کاتی خێیدا موچەکانیان بدەست بگات و میکانزم و ڕێ و شوێنی پێویستی بۆ بگیرێتە بەر بەدوور لە ململانێ و ناکۆکیە سیاسیەکان.

هەر لەوبوارەدا سەرکردایەتی یەکگرتوو بە پێویستی دەزانێت حکومەتی کاربەرێکی هەرێم کۆشی

فەرمانبەران و مامۆستایانی وانەبێژ و خەبەخش و گرێبەستەکان چارەسەر بکات بۆ ئەوەی دەخی ئاسایی و دەوامی ڕۆژانە بگەڕێتەوە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و نەخۆشخانەکان و سەرجەم فەرمانگە حکومیەکان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ناوچەکە هەرێم.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەوە ڕایگەیاند، کەبوونەوەی سەرکردایەتی بۆ پێویستی دەزانێت کە ئەو هەڵبژاردنە چارەنووسساز لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دوور لە ساختەکاری و دەستتێوەردان ئەنجام بدرێت و هەرچی زووترە کۆتایی بهێنرێت بەو بۆشاییە دەستووریەی ڕووبکردۆتە سیستەمی سیاسی هەرێم.

هەر لەو بارەیەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی جەختیکردەوە لەسەر هەوەستی ڕاگەیەنراوی خۆی بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی نیشتمانی لەگەڵ لایەنە ناڕازیەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بۆ ئەو مەبەستەش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕدەوام دەبێت لە گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و هاریکاری هاوبەش لەو پێناوەدا.

لە تەوەریەکی تردا کەبوونەوەی سەرکردایەتی هەوەستی لەسەر شەهید و ئازیزەکانی ئەم ڕۆژانەی نەوان بزوتنەوەی حەماس و ڕژێمی ئیسرائیلی دڕندەی و جەختی کردەوە لەسەر پشتیوانی خۆی لە مافی ڕەوای گەلی فەلەستین بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و پیرۆزیەکانی موسڵمانان بۆ تایبەتی مزگەوتی ئەقسا کە ئێرکێکی ئاینی و شەرعیە و ڕووەکاتە سەرجەم موسڵمانان، هاوکات هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی ڕاگەیاند بۆ دانیشتوانی کەرتی غەززە کە لە ژێر دڕندانەترین گەمارۆ و بۆردومانی ئاسمانیدان، ئەوەش ئێرکێکی ئینسانی و ئەخلاقیە و ڕووەکاتە هەموو گەلانی جیهان، هەروەک چۆن لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە.

هەروەها جەختکراوە، کە لەو بارەیەوە سەرکردایەتی یەکگرتوو بۆ پێویستی دەزانێت کە دەستانی ناوچەکە کۆشش و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بۆ ڕێگای سیاسی چارەسەربکەن و کۆتایی بهێنن بۆ پێنابردن بۆ هەڵز و تووندوتیژی و وێرانکاری بۆ تایبەتی بۆرامبەر گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان.

لە کۆتایی دا کەبوونەوەی سەرکردایەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەک هەمیشە بڕدەوام دەبێت لەسەر هەوەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئیسلامی خۆی، هاوکات داکۆکیکردن لە خواست و خەمەکانی چین و توێژەکانی خەڵکی هەرێم بۆ گشتی بۆ ئێرکی لە پێشینەی خۆی دادەنێت و هەموو هەوڵ و تواناکانیشی لەو پێناوەدا بەکاردەهێنێت.